# لەمەودوا هەر چەوسانەوەیەکی ژنان لە باشووری کوردستاندا هەبێت، بەشێکی خەتای بەڕێز مەهاباد قەرەداغییە!!!!

**هیشام ئاکرەیی**

*(بەشداریکردن لە دەسەلاّتدا، بەشداریکردنە لە دەسکەوت و تاوانەکانیشیاندا)*

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بلێم، هەر پارتێک و ڕێکخراوێک مافی هەیە هەر کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێک بۆ ڕیزەکانی خۆی ڕابکێشێت یان بەکاریان بێنێت لە پۆستێکی تایبەتدا. هەر کەسانێکێش بۆی هەیە ئەو داوایە قبوڵ بکات یان ڕەتی بکاتەوە، بەڵام لەکاتی قبوڵ کردندا سەنگەرگۆڕینێک ڕۆدەدات و ڕەوی ئەو کەسەش دەگۆڕێت و بۆ کەسەکە ناتوانێت هاوکات لە هەردوو بەرەدا بێت. بەتایبەت ئەگەر دوو سەنگەری دژبەر و جیاواز بن.

کەسانێک ناتوانێت لە هەمان کاتدا پارتی و یەکێتی بێت، یان سەرمایەدار و پرولیتار بێت، یان کۆمونیست و سەرمایەدار بێت، یان باوەری بە پیاوسالاریی هەبێت و لەهەمان کاتدا فێمینیست بێت، یان دژی دەسەڵات بێت بەشێک بێت لە دەسەڵاتداریتی، یان پارێزەرەکی دیموکراسی بێت و خۆی دکتاتور بێت. کەس ناتوانێت و بۆی نییە هاوکات لە دووبەرەی دژ بەدا بێت، بەبێ ئەوەی بەرەیەک لەپێناو بەرژەوەندی بەرەیەکی تردا بەکار نەیەنێت. تەنیا لە کاتی خەباتی نهێنیدا و لە سیستەمی دکتاتوردا کەسان ناچار دەبن لە جێگایەکدا کاربکەن کە باوەڕییان پێ نەبێت.

هەر کاتێک بەرە یان سەنگەر گۆڕین دێتە ئاراوە، پێویستە ئەو کەسە بە ڕاشکاوی واز لە بەرەی یەکەمی خۆی بێنێت و دڵسۆزانە لە گەڵ لایەنی تازەدا کاربکات. هەر هەوڵدانێک بۆ یاریکردن بە دوو ڕۆڵی لەیەکتر جیاواز و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان، لەبەرژەوەندی کەسەکەدا نییە.

سەردانەکەی بەڕێز مەهاباد قەرەداغی بۆ باشووری کوردستان لە هاوینی ڕابوردوودا و چاوپێکەوتنی لەکەڵ سەرکردەکانی ئەوێ، گەلێ مشتومڕی لە خۆیەوە گرت. گەلێ نووسەر و خەڵکانی تر گومانیان دەربارەی خودی کەسایەتی ئەو بەڕێزە لا دروست بوو، بەتایبەت کاتێک خاتوو مەهاباد قەرەداغی 180 پلە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆی دەربارەی دەسەڵاتداریتی لە کوردستان گۆڕی و هەوڵیدا پاکانە بۆ دەسەلاّتداریتی لە پرسی جەوسانەوەی ژناندا لە باشووری کوردستان، بکات.

دەڵێن کات وڵامی هەموو پرسیارێکی بێ وەلاّم دەداتەوە. دیارە ئەو سەردانەی بەڕێز مەهاباد قەرەداغی بێ بنەما نەبوو و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە کێشەی ژنانەوە هەبووە و بە قسەی خاتوو مەهاباد، ئەو دەیەوێت لە سەرەوە و بەشێوەی بەشداربوون لە دەسەلاّتدا مافی ژنان مسۆگەر بکات و لەوێوە پلان بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان لە باشووری کوردستاندا دابنێت. هەر وەک بلێی پەرپرسیاران و دەسەڵاتدارانی کوردستان نازانن مافەکانی ژنان چین و بە چ شێوەیەک جێبەجێ دەکرێن و تەنیا مەهاباد خان ئەو مافانە دەزانێت.

ئەگەر بە پلاّوکراوەکانی پارتەکانی دەسەلاّتدرای باشووری کوردستاندا بچین، بەتایبەت ئەوانەی دەربارەی ژنانیان نووسیوە، دەبینێن کە ئەوان باوەڕییان بە یەکسانی هەیە و کەس بە قەد ئەوان نایانەوێت ئەو یەکسانییە جێبەجێ بکرێت، و بلاّوکراوەی مەهاباد خان دەربارەی یەکسانی هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لە گەڵ بیری دەسەڵاتداران، ئەوە لەسەر کاغەز.

ئەگەر بە هزروبیری زۆربەی پیاوانی ئەوێشدا بچینەوە، دەبێنین کە زۆربەیان دەزانن مافەکانی ئافرەتان چین و چۆن جێبەجێ دەکرێن. کەواتە پیاوان و دەسەڵاتداریتی، پێویستییان بە شێوەرمەند نییە، ئەوەندەی پێویستییان بە دەرهێنانی بڕیار و جێبەجێکردنی یەکسانی لە نێوان ژنان و بیاواندا.

لێرەدا دەگەینە دوڕیانێک، ئەویش ئەوەیە، ئایە خەباتکارانی مافەکانی ژنان و پارێزەرانیان، دەتوانن باشتر لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بەرگری لە مافەکانی ژنان بکەن و ڕەوشەکەیان باشتر بکەن، یانیش لەناوەوەی دەسەتدا؟؟؟

ئەگەر پارتی و یەکێتی باوەڕییان بە یەکسانی نەبێت، ئەوە خاتوو مەهاباد ناتوانێت هیچ کاریگەریەک لە ناوەوەی دەسەلاّتدا بخاتە سەریان و بۆ بەدەستخستنی باشترین کاریگەی، باشترە لە دەرەوەی دەسەلاّتدا ئەو هەوڵە بدات.

هەروەها ئەگەر دەسەلاّتی باشووری کوردستان و بە تایبەت پارتی و یەکێتی باوەڕییان بە یەکسانی ژنان و پیاوان هەبێت، ئەوە لەو کاتەشدا هەر باشترە رێکخراوەکانی ژنان و لایەنگرانیان، لە دەرەوەی دەسلاّتدا بە هێزبن و بەو شێوەیە پرۆسەی یەکسانی خێراتر بەڕێوە دەڕوات.

ئەگەر لە کێشە سیاسیەکاندا بەرپرسیاران پێویستییان بە شێوەرمەند و ڕێنوینیکەر هەبێت، ئەوە لە کێشەی ژناندا و لە ئەنجامی خەباتی درێژخایەنیاندا بۆ یەکسانیی، تا ڕادەیەکی باش مافەکانیان ئاشکراکراون و لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانەکان و ڕێکەتننامەکانی نێودەوڵەتیدا و لە یاساکانی وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، گەلێ لەو ماف و یاسایانە دەستنیشان کراون و لە هەندێ وڵات جێبەجێش کراون و دەسەڵاتداران دەتوانن ڕاستەوخۆ و لەوێوە و بە ڕێگای ڕێکخراوەکان و دەزگاکانیانەوە وەریانبگرن و جێبەجێشیان بکەن.

ئەوەی کوردستان پێویستی پێیەتی زیاتر جێبەجێکردنی بڕیارەکان و یاساکانە، پەسەندکردنی ماڤە کشتیەکانی ژنانە، نەک ڕێنوێنیکردن. ئەگەر دەسەڵاتدارێتی حەزبکات، دەتوانێت لە نێوان 24 سەعاتدا گەلێ شت قەدەغەبکات و گەلێ بڕیاری بوێرانە دەربێنێت.

خاتوو مەهاباد باش دەزانێت جیاوازیەکی گەورە لە نێوان مافەکانی ئاسایی ژنان وەک مرۆڤ و خەباتی فێمینیزمیدا هەیە. خاتوو مەهاباد قەرەداغی دەیەوێت ژنێک و پیاوێک لەناو تەرازوویەکدا هاوسەنگ بن، لە کاتێکدا خەباتی فێمینیزمی (مێیینیزم) باس لە یەکسانی هەڵسەنگاندنەکان و نرخ و گرنگی پێدان و مافەکان دەکات. بەو واتایەی ژن لە قەوارەی تایبەتمەندییەکانی خۆیدا پێویستە یەکسان بێت بە پیاو و پیاوانیش لە قەوارەی تایمەندمەندیەکانی پیاودا یەکسان بن. هەر بۆیەش ئەو وێنەیەی مەهاباد قەرەداغی بۆ سیاسەتی یەکسانی دروستکردوە، وێنەیەکی هەڵەیەو و لە ڕوانگەی مافەکانی ژنانەوە تەواو نییە و زیاتر وێنەی یەکسانیی و دادوەری دادگایانەیە. بەو مانایە بەگوێرەی وێنەی مەهاباد خان پێویستە پیاوان و ژنان یەکسان بن لە یاسا و کۆمەڵگا و سیاسەتدا. ئەمەش ناوەڕۆکی یەکسانی نییە.

لە ڕوانگەی بیرکارییەوە، کە خاتوو مەهاباد قەرەداغی یاساکانی بۆ یەکسانی ژنان بەکار هێناون ، ژنێک و پیاوێک بە هیچ شێوەیک هەمان سەنگیان نییە، بەهەمان شێوەی هەموو پیاوانیش یەک سەنگ نین. مەهاباد خان دەڵێت (یەک کۆ یەک دەبێ بە دوو) بەڵام نازانێت لە کێشە کومەڵایەتیەکاندا ئەم هاوکێشەیە تەواو نییە. (پیاوێک کۆ پیاوێک یەکسانە بە دوو پیاو). (سێوێک کۆ سێوێکیش دەبن بە دوو سێو)، بەڵام (سێوێک کۆ هەنارێک نابن بە دووان)، هەر وەها (پیاوێک کۆ ژنێکیش نابن بە دووان).

لە جێگای کاردا و لە کارخانەو و قوتابخانەکاندا، ئەو پێویستیانەی گونجاو و پێویست بۆ دوو ژن، هەمان پێویستی نین، ئەگەر پیاوێک و ژنێک لەو جێگایەدا کاربکەن. بۆ نموونە لەوانەیە پیاوان پێویستییان بە تەوالێتی تایبەتییان نەبێت، بەڵام ژنان پێویستیان پێیەتی، تەرخان نەکردنی تەوالێتی تایبەت بۆ ژنان لە جێکای کاردا لادانە لە یەکسانی و بۆ خاوەن کار نییە دوو پیاو لە جێگای کاردا تەعیین بکات بۆ ئەوەی تەوالێتێکی تایبەت بۆ ژنەکە دروست نەکات.

هەروەها لە کاتی زکپربووندا (حەمل) ژنان پێویستییان بە چەند مانگێکی پشوودان و ئامادەبوونە، کەچی پیاوان لە ماوەی دوو مانگی کوتایی منداڵبووندا پێویستیان بە هەمان شت نییە. کەمکردنەوەی مووچەی

مانگانەی ژنان لەو ماوەیەدا یان نەدانی مافی پشوو و خۆئامادەکردن بۆ منداڵ بوون، واتای نەبوونی یەکسانییە. هەروەها نابێت بەخێوکردنی منداڵ ببێتە ئەرکی دایک و لەبەر هۆکاری ئابووری دایک یان باوک ناچاربن دایکەکە بە ئەرکی منداڵ بەخێوکردن هەڵسێت و پێویستە و دەبێ هەمان باری ئابووری و یاسایی بۆ دایک و باوک دابین بکرێت بۆ ئەوەی باوکیش بەو ئەرکە هەڵسێت.

کەواتە تاوەکوو بتوانی باسی یەکسانی بکەیت، دەبێ هەر پێویستیەکی ژنانە لە چوارجێوەی پێویستەیەکانی ژناندا وەک مرۆڤ، جێبەجێ بکرێت. بەو مانایە لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا ژنان هەمان مافەکانی پیاوانیان نابێت. ژنان مافی خۆیان وەک ژن دەبێت و بەهەمان دادوەری و هەڵسەنگاندن و بنەما پیاوانیش مافەکانی خۆیان وەک پیاو دەیان بێت.

دیارە وێنەی بەڕێز مەهاباد قەرەداغی بۆ مافەکانی ژنان، وێنەیەکی پیاوانەیە و لە یەکەمێن خولەکی چوونی بەرەو دەسەڵاتدارێتی، خۆی ئامادەکردوە بۆ قەبوڵکردنی تێڕوانینی پیاوانە بۆ یەکسانی، نەک یەکسانیەکی زانستیانە. هەر لەبەر ئەوەش تەرازووی یەکسانی پیاوان بەرامبەر دادگا، بۆ یەکسانی نێوان ژنان و پیاواندا هەڵبژاردوە. (1)

هەلبەتە مەبەست لەم بابەتە لێکدانەوەی ناوەرۆکی شێوەرمەندیەکەی خاتوو مەهاباد بۆ یەکسانی لە باشووری کوردستاندا نییە ، بەڵکوو زیاتر لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکاریەیە کەلە هەڵوێستی خاتوو مەهاباد قەرەداغیدا دەربارەی کێشەی ژنان و دەسەلآتی سیاسی ئەوێ ڕۆیداون و دروستکراون. هەروەها ئاشکراکردنی هۆکارە ڕاستەقینەکانی نزیکبوونەوەی خاتوو مەهابادە لە حکومڕانی و دەسەلآت و چۆڵکردنی بەرەی ئوپوزسیون و ژنانە بۆ بەرژەوەندی بیری پیاوانە و دەسەلآت. لەمانەش گرنگتر، ئایە مەهاباد خان دەتوانێت لەمەودوا بە هەمان شێوەی جاران بەرگری لە ژنان بکات و ئایە سەنگەری چۆڵنەکردوە و نەگەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتیمانی پاتریارکی و پیاوانە!!!!

گومان لەوەدا نییە کە مەهاباد خان لە ئەنجامی هەندێ هەڵوێستی ڕۆن و ئاشکرا و بوێرانە، توانی جێگای خۆی لە ڕیزی خەباتی ژناندا بکاتەوە. ئەو خەباتە گرێدراو بوو بە هەڵوێستێکی نەتەوییانەی ڕۆن و ئاشکرا و نەترس. کەواتە بیروڕاو و هەڵوێستی تەواو و سەنگەری ئاشکرا و قەیم، هۆی هەرە سەرەکی ئەو متمانەیە بوون کە بە خاتوو مەهاباد قەرەداغی درابوون. بەقەدەر پاراستنی ئەو بیروباوەڕ و هەڵوێستە، جێگای مەهاباد خانیش لەناو بزوتنەوەی ژنان و نەتەوەییدا پارێزراو دەبێت.

چوونی مەهاباد خان بۆ ناو دەسەڵاتدا دوو واتای هەیە. یەک دەسەلآت بەو شێوەیە لێهاتووە کە مەهاباد خان دەیویست و وتاری لەسەریان دەنووسی، یانیش مەهاباد خان چووتە سەر ڕای دەسەلآتدارن و ئەو باوەڕی هێناوە بە فکریان.

نابێ لە بیرمان بچێت کە ئێمە باسی شێوەرمەند دەکەین نەک کارێکی تر. هە رکەسانێکیش ببێتە شێوەرمەندی دەسەڵات، بە تایبەت لە کوردستاندا پێویستە جێگای متمانە و باوەڕی دەسەڵات بێت. کەواتە مەهاباد خان لە ڕۆی بیروباوەڕەوە لە جێگای متمانەی دەسەلآتە. هەر بۆیەش لێکدانەوەکە زیاتر بەرەو ئەوە دەچێت کە بەڕێز مەهاباد خان بەرە دەسەڵات ڕۆیشتبێت نەک دەسەلآت و رێکخراوێکی تەواو خۆی گۆڕیبێت لەبەر خاتر و لە ژێر کارتێکردنی مەهاباد خاندا.

ئەوەی خاتوو مەهاباد قەرەداغی کردی وەک ئەو ژنەیە کە لەسەنگەری چەپ و فێمینیزمییەوە ببێتە ئەندام لە پارتێکی بۆرژوا و سەرمایەداردا. ئەوەی خاتوو مەهاباد کردی، وەک ئەوەیە ئەندامی پارتێکی ژینەگە یان چەپی سویدی، ئەو پارتە بە جێبێڵێ و پەیوەندی بە پارتی مودورات (سەرمایەدار)ەوە بکات و بە ژنان و چەپەکان بڵێت من ئەو بەرنامی ژنان جێبەجێ دەکەم، و ناشزانی یان لە بیری خۆی دەباتەوە کە تاوەکوو پارتێکی مودوڕات و سەرمایەدار ئەو قبۆڵ بکات، دەبێ پێشوەخت ئەو باوەڕیی بە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ئەو پارتە بێنێت و لە سنووری تیڕوانینی ئەو پارتەدا بۆ کێشەی ژنان بجوڵێتەوە. تاوەکوو

پارتێکی سەرمایەداری کەسانێک بکاتە شێوەرمەندی خۆی، دەبێ وەک ئەوان بیربکاتەوە و چارەسەری ئەو پارتە بۆ کێشەی ژنانی پێ باش بێت و پەسەند بکات.

هەروەها نابێ لەبیرمان بچێت کە تاوەکوو ئێستا دەسەڵات و پارت لە باشووری کوردستاندا، وەک ئەورووپا لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە ، تاوەکوو مەهاباد خان بڵێت من بۆیان کاردەکەم. لە لای ترەوەجێگای کاری ئەویش جێگایەکە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە نەک وەک فەرمانبەرێکی ئاساییە لە حوکومەتدا کە پێویست ناکات بەهەمان شێوەی پارتی دەسەلآتدار بیربکاتەوە.

کاتێک مەهاباد خان بەشانازییەوە باسی ئەو شێوەرمەندیە دەکات، پێویستە زۆر دڵنیابێت کە دەتوانێت کاربکات و گۆڕانکاری لە باری یاسایی و قانونیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و دابونەرێتەکانی ژناندا دروست دەکات. هەر وەها پێویستە گەرەنتەیەکی باشیشی لە دەسەلآتی باشووری کوردستانی وەرگرتبێت، ئەگینا ئاوا بە باوەڕییەوە باس لە شێوەرمەندیەکەی نەدەکرد و ڕاستیەکەی بە ژنانی کوردستان و ئەوانەی متمانەنەیان پێداوە، دەگوت.

بەو واتایە لەمەودوا بارودۆخی ژنان لە باشووری کوردستان پەیوەندەیەکی ڕاستەوخۆ بە شێوەرمەندی خاتوو مەهابادەوە دەبێت. چونکە لە قسەکانییەوە دیارە کە بەرزترین دەسەلآت لە کوردستان بەقسەی ئەو جموجۆڵ دەکەن و هەر کەمتەرخەمیەک، واتای ئەوە دەدات کە خاتوو مەهاباد قەرەداغی بە دەسەڵاتی ئەوێ نەوتوون.

لەمەودوا، هەر ژنێک بکوژرێت و تاوانبارەکە سزا نەدرێت،

هەر ژنێک خۆی بسوتێنێت و تاوانبارەکە سزا نەدرێت،

هەر ژنێک بۆی نەبێت بەبێ لەچک و عەبا بڕواتە دەرەوە،

هەر قوتابخانەیەک تیایدا کچان و کوڕان لە یەکتری جیابکرێنەوە،

هەر بەرپرسێک ئەمر بدات ژنێک بە بیانووی شەرەف بکوژێت،

هەر ژنێک ناچار بکرێت لەشی خۆی بفرۆشێت،

هەر ژنێک بەزۆری بە مێرد بدرێت،

هەر پیاوێک لە ژنەکەی بدات،

هەر لایەنێک یان کەسانێک بکوژانی ژنان بشارنەوە و بحەوێننەوە و نەهێڵن دادگایی بکرێن،

هەر دادوەرێک پیاوە تاوانبارەکان ئازاد بکات،

هەر پۆلیسێک بەدوای پیاوانی تاوانباردا نەچێت،

هەر مەڵایەک یان شێخێک ژنان بە ناقسات عەقڵ و دین دابنێت،

ئەوانە هەمووان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەکسانییەوەش نییە و زیاتر پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر لە باشووری کوردستان جێبەجێ نەکرێن، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خاتوو مەهاباد قەرەداغی بەرگری لەو ژنانە ناکات و بە دەسەلآت ناڵێت و بەو شێوەیە دەبێتە بەشدار لە هەڵەکان و تاوانەکان و کەمتەرخەمیەکانی دەسەڵاتداران.

هەر وەها هەر باشبوونێک و چاکتربوونێک لە بارودووخی ژناندا دروست ببێت، بەشی خاتوو مەهابادیش تیدا دەبێت.

بۆ ئەوەی مەهاباد خان بتوانێت ڕاستی مەبەست و قەسەکانی خۆی بسەلمێنێت، پێویستە وەک جاری جاران باس لە دەسەڵات بکات و لە بواری مافی ژناندا ڕەخنەی بوێرانە بگرێت و چاو نەبۆشێت لە هەڵە و باشیەکانی دەسەلآت، نەک تەنیا ئەوە بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئێستاکە لە دەسەلآت نزیکبووتەوە پێویستە چاکە و خراپەکان بخاتە ڕۆ.

بەندە كاتێک لە کۆمیتەی باڵای ریفراندومدا بۆ، نزیکەی هەموو ڕاستیەکانی ئەو بزەتنەوەیەم بە جەماوەری کوردستان ڕاگەیاند و چاوم لە هیچ هەڵەیەکی ئەواندا نەپۆشی ولە چەند وتارێکی ئاشکرادا باسی پشتپەردەم کرد، هەر بۆیەش کۆدەتایان دژ بە منیان کرد، بۆ ئەوەی چیتر ڕاستیەکانیان ئاشکرا نەکەم و نهێنیەکانیان نەزانم. ئەمە کردەوەی بزوتنەوەیەکی بەناو جەماوەری و لەڕۆی دەسەڵاتەوە لاواز بۆ.

کەواتە مانەوەی مرۆڤ لەبەرەی جەماوەردا و گوتنی ڕاستیەکان مەرجی سەرەکی مانەوەی هەر مرۆڤێکن لە هەر بەرەیەکدا.

هەر کاتێک مەهاباد خان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زانستیانە بەرگری لە دەسەڵات بکات ئەو کاتە وەک بەشێک لە دەسەڵات پیرۆزبایی لێدەکرێت. بەڵام دیارە مەهاباد خان چاوێکی لە سەبەتەیە و ئەوەی تریشی لە کفتەکەیە، بەو مانایە مەهاباد خان دەیەوێت لەهەمان کاتدا لە دەسەڵاتدا بێت و ئوپوزسیونیش بێت.

لە کۆتایدا پێویستە بوترێت، هەزاران نووسین و بیرۆکەی جوان لە سەر کاغەز هەن بەڵام جێبەجێ نەکراون. کۆماری ئەفلاتۆنیش هەر چەندە کۆمارێکی یەکسان نەبوو بەڵام تاوەکوو ئێستاش هەر لەسەر کاغەز ماوە. کوردیش دەڵێن (قسە هەزارن دووانیان بەکارن).

مەهاباد خان پلانی برۆژەکانی یەکسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڵاودەکاتەوە، وەک بلێی هیچ نووسینێکی لەو جۆرە بەر لە ئێستا بڵاونەکراوەتەوە و کەس عەقڵی بەوەدا نەچووە. سەرەڕای هەموو یاساکان تاوەکوو ئێستا ژنان لە هەموو کوردستاندا دەکوژرێن و دەسوتێنرێن. سەرەڕای دەرهێنانی یاسای قەدەغەکردنی کوشتنی ژنان تاوەکوو ئێستا سەدان ژن کوژراون بەڵام بەداخەوە دوو پیاو ئیعدام نەکراون. هەر بۆیەش جارێ با مەهاباد خان ئەو یاسایانەی دەربارەی ژنان پەسەندکراون جێبەجێ بکات پاشان با بێتە سەر پلانەکەی.

هەلبەتە لەوانەیە مەهاباد خان بیر لە هۆی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بکات، لە وەڵامدا پێی دەڵێم، بەڕێزم جەنابت هەوڵ دەدەی ژنان و بزوتنەوەی چەپی ژنان و فێمینیزمی هەلخەلەتێنی وچاو لە کوشتن و سوتنی ژنان بپۆشی. ژنان بەرەی خۆیان هەیە و پێویستە لەو بەرەیەدا خەبات بکەن و لەهەموانیش گرنگتر ڕاستگۆییە لە گەڵ ئەوانەی پێشتگیری تۆیان دەکرد و بەو پشتگیرییە بۆیتە مەهاباد قەرەداغی.

وابزانم ئەو خوشکانەی لەناو پارتەکان و دەسەڵاتدا هەوڵ دەدەن مافەکانی ژنان لە ڕۆانگەی دەسەڵاتەوە بەدیبێنن، کەمتەرخەمییان نەکردووە و جەنابت لە وان هوشمەندتر نیت. ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵاتدا پشتگیری ئەوانت کردبا کاریگەریەکی باشتر و بەهێزتر دەبوو.

کە بۆیتە بەشێک لە دەسەڵات ناچاری تەقەبولی ڕەخنەی ئوپزسیۆنیش بگری، ئەوە ئەگەر وەک بەشێک لە دەسەڵات باوەڕیت بە دیموکراسی مابێت و ڕەخنەی جەماوەرت لا گرنگ بێت.

(1) http://kurdistannet.org/3-2005/19-3/syaseti.pdf